# غەزەلی چاوەڕێی موژدەی نەسیم هی (وەفایی)یە، یان حەریق؟!

کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(تاران)

لەناو دیوانی هەندێ لە شاعیرانی کلاسیکی کورددا، چەند پارچە شیعرێک هەن کە تێکەڵاو بوونە و لێک جیاکردنەوەیان پێویستی بە بەڵگە و دەستنووسی باوەڕ پێکراو هەیە، واتە پارچە شیعرێکە و لە دوو دیوانی چاپ کراودا هاتووە، هەندێ جاریش هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوسخەی دەستنووسی دیوانی شاعیرەکە لە بەردەستدا نییە، نموونەیشمان بۆ ئەمانە زۆرن، لەوانە: شیعری شەوی یەڵدای نالی لەنێوان نالی و کوردی دا، دوو پارچە شیعری خانای قوبادی لەنێوان چەند شاعیرێکدا، شیعری دلاوەران لە نێوان بێخود و شێخ نووری شێخ سالح دا، ئەم شیعرەیش یەکێکە لەو شیعرانەی تا ئێستا ساغ نەکراوەتەوە کە هۆنراوەکە هی کام شاعیرە، شیعری (وەفایی)یە، یان حەریق!

زۆر دەمێکە بەدوای سەرچاوەی دەستنووسی ئەم شیعرەی وەفایی و حەریق دا دەگەڕێم، بەڵام بێ هیوا بووم. چەندان جاریش لەم لا و لەولادا قسە و باسمان لەسەر ئەم شیعرە کردووە، بەڵام لەبەر بێ بەڵگەیی نەماندەتوانی بڕیاری ئەوە بدەین کە شیعرەکە هی کام لەو شاعیرانەیە.

خۆشبەختانە لەم دواییانەدا دەستنووسێکی عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیرمان دۆزییەوە و نوسخەیەکی دانسقە و ڕێکوپێکە، جێی ئەوەیە کە هەموو شیعرەکانی وەک خۆیان بڵاو بکرێنەوە. لەناو ئەو کەشکۆڵەدا چەند پارچە شیعرێکی حەریق و وەفاییشی تێدایە. ئەم شیعرەیش یەکێکە لەو هۆنراوانەی کە لەنێو ئەو کەشکۆڵەدا هاتووە و پاڵپشتی لە بڕیارەکانماندا دەکات، ئەوەی بۆ من لێرەدا گرنگە ئەوەیە هۆنراوەکە ساغ ببێتەوە و لە دیوانێکدا جێگیر ببێت و ئیتر کەس بە شیعری ئەو شاعیرەی تری نەزانێت. سەبارەت بە کەشکۆڵەکەی (عەلی کەمال)یش لە بابەتێکدا بە جوانی دەیناسێنین و



**وەفایی**
**(ئەو وێنەیە سەد دەر سەد ساغ نەبووەتەوە)**

ناوەڕۆکی کەشکۆڵەکەیش دەخەینە ڕوو، لێرەدا لەسەری نادوێین.

**کلیلی توێژینەوەکە:** ناساندنی شیعرەکە لە دیوانی وەفاییدا، شیعرەکە لە دیوانی حەریقدا، شیعرەکە لە دەستنووسەکەی کەمالیدا.

### ناساندنی شیعرەکە لە دیوانی وەفاییدا

یەکەم جار ئەم شیعرە لە لایەن مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییەوە لە دیوانی وەفاییدا بڵاوکراوەتەوە(١)، بەڕێزیان ئەم شیعرەیان لە لاپەڕە (١٥٣-١٥٥)دا داناوە، قەرەداغی ئەم غەزەلەی بە شیعری ژمارە (٣١) هێناوە و پەراوێزی ژمارە (٣١)ی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

"ئەم پارچەیە لە نوسخەی (ف)دا لەگەڵ کۆمەڵە شیعری (وەفایی)دا و بە شیعری ئەو نووسراوە، بەڵام وەک دەبینین لە کۆتاییدا نازناوی ئەوی تێدا نییە کە (وەفایی) زۆر کەم ئەوە دەکا. زیاد لەوەش ئەگەر تۆزێ بە وردی سەرنجی بدەین، دەبینین تاموچێژێکی تایبەتی تێدایە کە کەم لە شیعری وەفاییدا هەستی پێ دەکرێ.".

دوای چاپەکەی دیوانی وەفایی کە مامۆستا قەرەداغی چاپی کردووە، چەند جارێک ئەم دیوانە بەناوی مامۆستاوە چاپ کراوەتەوە، بەڵام بە دەستکاری و ڕێنووسی نوێوە. ئەم نوسخەیەش کە ئێمە لە بەردەستماندایە و سوودمان لێ وەرگرتووە، یەکێکە لەو چاپانە.

ئەم چاپە کە لەسەر چاپەکەی مامۆستا قەرەداغی ڕێنووس کراوەتەوە و هەموو پەراوێزەکانی لابراوە و دووبارە لێکدراوەتەوە و پەراوێزی تری بۆ دانراوە، هەر وەک چۆن مامۆستا قەرەداغی لەم شیعرە دوودڵ بووە و تەواو خۆی بۆ یەکلایی نەکردۆتەوە بڵێت: شیعری وەفاییە، مامۆستا گومانی هەبووە و لە سەرەتادا زۆر بە دڵنیاییەوە شیعرەکە دەداتە پاڵ شیعری وەفایی، دواتر لەبەر نەهاتنی ناوی وەفایی کەمێک دوودڵی و ساردی دەخاتە ڕوو...

جگە لەوەیش لێکدانەوە بۆ ئەم هۆنراوەیە ناکات، بەو بیانووەی کە شیعرەکە تازەگەری تێدایە.. دەکرێ بیانووی ئەوەیشی هەبێت کە ئەم شیعرە هی وەفایی نییە و لەبەر بێ بەڵگەیی نەتوانێت ئەوە بڵێت، چونکە نوسخەی تری ئەم شیعرەمان لە بەردەستدا نییە بۆ پاڵپشتی کردن و سەلماندنی بەناوی وەفاییەوە، بۆیە لێکدانەوەی بۆ ناکەین. ئەم نوسخەیەش بێ جیاوازی نییە. لەم چاپەدا کە پەراوێزی ژمارە (٩٣)ی بۆ دانراوە و بەم شێوەیە هاتووە:

"ئەم غەزەلە یەکێ لە بە قەوەتترین غەزەلەکانی وەفاییە کە تێیدا تێ کۆشاوە تازەگەری بێنێتە مەیدانی غەزەلی کوردییەوە و تێشیدا زۆر سەرکەوتووە، پێوەم شەرحی ئەم غەزەلە هەندێ جوانیناسانەیی و هەڵسەنگاندنێکی زانستی لەسەر بکەم.

غەزەل لە نالی یەوە گەیشتە وەفایی، وەفایی زۆرتر لە نالی لە ژێر کارتێکردنی شاعیرانی فارسدا بووە. دەوری وەفایی سەردەمی پاشەکشەی ئەدەبی بووە، شاعیران دەیانەوێ شتی تازە بڵێن. وەفایی لەم غەزەلەیدا عەمدەن تەشبیهات و ئیستیعاراتی تازەی وەک: موژدەی نەسیم، فەرمایش کردن، وەعیدی بەفری زستانی فیراق، باری وەعدەی ویساڵ، کێوی دڵ، میروەحی زوڵف، پەروانەی دڵ، ئاگری وەسڵ، ئاوی خوڕخوڕە، نەقشی موهر، کێوی هیجر، مەزرەعەی میهر و مەحەبەت، توخمی وەسڵ... بەکار بردووە، بەڵام ئەوەم پێ سەیرە بۆچ لە بەیتی ئاخردا هیچ کام لە بەیتەکاندا ناوی شاعیر نەهاتووە، ئەوە بڕێ دوو دڵم دەکات. دیارە ئەم غەزەلە تازەگەری تێدایە و هەر ئەو تازەگەرییە "حەقیقی" و "حەریق" و "سەیف" دروست دەکا تا دەگاتە "هێمن" و "هێدی" و باخچەی غەزەلی موکریان دەڕازێنێتەوە، ئینجا بۆیە پێوەم لە ئەم غەزەلەدا تەنیا بە ماناکردنەوەی وشە

قورسەکان بەسەندە، بکەم پێچەوانەی غەزەلەکانی دی، چونکە لە شیعری تازە گەیشتن ئاسانە." (لا، ٢٧٦-٢٧٨).

لە تازەترین چاپی دیوانی وەفایی دا کە بەم دواییانە چاپ کراوە، سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی "بڕەک" کاری لە سەر کردووە و لە ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی، د. عوسمان دەشتی و لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٤٥)، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٢، چاپ و بڵاوکراوەتەوە(٢).

لەم چاپەیشدا ئامادەکار لە لاپەڕە (٢٩٤-٢٩٥) پەراوێزی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

"ئەو پارە هەڵبەستە لە ڕێکەوەند و دیوانی وەفاییدا هاتووە، لە پایانە بەندیدا نێوی وەفایی نەهاتووە!، بێجگە لە ڕاویژ و هێندێک واژە و زاراوەی بەگزادەی بەری سەقز، دوو نێوی (دەقیقی و عاشق) کە لە پایانە بەندەکەی ئەو تەرانەیدا هاتوون، پیاوی دڕندۆنگ دەکا کە ئەو بەندە ئی وەفایی نەبێ- کاک محەمەد عەلی قەرەداغی لە کۆبەی پەڕی (١٥٥)، دیوانی وەفایی چاپی بەغدادا وەک ئێمە بە دڕندۆنگی چاپی کردووە؟!.".(٣)

ئەیوبییان بە پێڕەوی لە قەرەداغی ئەم تێکستەی هێناوەتەوە و لە هیچ کام لە دەستنووسەکانی بەردەستیدا نەبوون، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هی وەفایی نییە، بەڵکو هی (مەلا ساڵحی حەریق)ـە و لە دیوانەکەیشیدا هاتووە. بگەڕێوە بۆ دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەددینی ئەنیسی، مەهاباد، ١٣٦٨، ل: ١٦٢، کێش: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).(٤)

ئەوانەی پێشەوە کە خرانە ڕوو ئەو پەراوێز و کارانە بوون کە پێشتر لەسەر ئەم هۆنراوەیە ئەنجام دراوە و نووسراوە، جگە لەوەی کە مامۆستا قەرەداغی یەک نوسخەی لە بەردەستدا بووە و شیعرەکەی داوەتە پاڵ وەفایی، نووسەرانی دواتر هیچ بەڵگەیەکیان لە بەردەستدا نەبووە و هەموویان پەیڕەوییان لە ڕێبازەکەی مامۆستا قەرەداغی کردووە، سەرچاوەی بەردەستیان تەنیا ئەو چاپەی ئەو بووە و هیچی تر.

## شیعرەکە لە دیوانی حەریق دا

جگە لەو سەرچاوانەی دیوانی وەفایی کە خستمانە ڕوو و باسیان لەو هۆنراوەیە کردووە، هەروەها لە دیوانی (حەریق)یشدا کە دووجار چاپ کراوە، شیعرەکە هاتووە.

لە دیوانی حەریق چاپی سەید نەجمەددین دا ئەم غەزەلە بە بێ هیچ سەرچاوە و ناوی دەستنووس و بەیاز و کەشکۆڵێک لە دیوانی حەریق دا هێنراوە، جگە لەوەیش نە وێنەی دەستنووسێک و نە باسی هیچ سەرچاوەیەکی لە پەراوێزدا نەکردووە و نەهێناوە، لە کتێبەکەیشدا ئاماژە بە دەستنووسی (مەحموودی شابەندەر) و چەند بەیازێک کە سوودی لێ وەرگرتووە لە کتێبەکەدا باس کردووە، بەڵام هیچ هۆنراوەیەک پەراوێزی بۆ نەکراوە لەچی سەرچاوەیەک هاتووە و وەرگیراوە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە هۆنراوەی نێو ئەم چاپانەیش لەگەڵ یەکتریدا جیاوازی وشەیی زۆریان تێدا هەیە.

دوای ئەم چاپەی سەید نەجمەددین، نەوزاد کەڵهوڕ (دیوانی حەریق)ی بە لێکدانەوەوە لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر لە شاری هەولێر، لە لاپەڕە (١٢٠-١٢٣)دا ئەم غەزەلەی هێناوە و چاپ کردووە(٥)، ئامادەکاری ئەم دیوانەیش بێ هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەک ئەم شیعرەی لە دیوانی حەریق دا جێگیر کردووە.

وەک وتمان تەنیا کەسێک کە سەرچاوەیەکی گوماناوی لە بەردەستدا بووبێت و بێ بەڵگە هۆنراوەکەی خستبێتە ڕوو، مامۆستا قەرەداغی بووە و ئەوانی تری لە سەرچاوەکەی مامۆستاوە وەریان گرتووە. لە دیوانی (حەریق)یشدا شیعرەکە بە بێ سەرچاوە هێنراوە.

ئەوەی جێگەی باسە مامۆستا قەرەداغی دوای دیوانی حەریق، دیوانەکەی چاپ کردووە و شیعرەکەیش لە دیوانی (حەریق)دا هاتووە و مامۆستا نازانم ئەوکاتە دیوانەکەی دیوە یان نا! بەڕێزیشیان ئاماژەیان بەوە نەکردووە.

خاڵێکی تر کە جێگەی باسە ئەوەیە لە شیعرەکەی دیوانی وەفایی دا ناوی شاعیر نەهاتووە و بەیتی کۆتایی نوقسانە، بەڵام شیعرەکە لە دیوانی حەریق دا بەیتی کۆتایی هاتووە و ناوی شاعیریشی تێدا هاتووە.

جگە لەو سەرچاوانەی سەرەوە کە باسمان کردن، لەم ماوەیەدا نوسخەیەکی ترمان لە دەستنووسەکانی عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر دەست کەوت و چەند پارچە شیعرێکی حەریقی تێدا بوو، یەکێک لەو شیعرانە، ئەم شیعرە بوو، بە باشم زانی ئەم هۆنراوەیە کە لەنێوان دوو شاعیردا تێراماوە و هیچ کەسێکیش ئەم شیعرەی بە لای شاعیرێکدا ساغ نەکردووەتەوە، بەپێی سەرچاوەکان



حەریق

قسەیان لەسەر بکەین و بە پشت بەستن بەو سەرچاوانە ساغی بکەینەوەو لە دیوانی یەکێک لەو شاعیرانە شیعرەکە جێگیر بکرێت.

بۆ ساغکردنەوەی ئەم شیعرەیش پێویستمان بە چەند خاڵێکی گرنگە بۆ سەلماندن و باوەڕپێکردنی خوێنەر بەو بەڵگانەی دەیخەینە ڕوو.

١- دەستنووسی خودی شاعیر، یان دەستنووسێک کە لە ساڵی ژیان و ژینییەوە نزیک بێت.

٢- دەستنووسێک ئەگەر لە ساڵی شاعیریشەوە دوور بێت، بەڵام جێگەی بڕوا بێت و دەستکاری شێوەی نووسین و یاری پێکردنی بەیتەکان و ئەم لا و لای پێ نەکرابێت.. ئەم دەستنووسە لە ساڵانی ١٩٠٠ بە دواوە نووسراوە و پێشکەش کراوە بە ئەحمەد موختار جاف و ساڵی لە دایکبوونی هەندێک لە نەوەکانی عوسمان پاشای جافی پێوەیە.

ئێمە لێرەدا دەستنووسێکمان لە بەردەستە هی عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیرە(٦)، کەشکۆڵنووس خۆی شاعیرە، نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووسی دەورەی خۆی بووە، لە دەورەی شاعیریشەوە زۆر دوور نییە.

کەشکۆڵنووس لە کەشکۆڵەکەیدا دوو پارچە شیعری حەریقی هێناوە، وەک (نەوای ناڵەی حەزینم...، چاوەڕێی موژدەی نەسیمم...)، ئەم پارچە شیعرە "چاوەڕێی موژدەی نەسیم" جگە لەوەی کەشکۆڵنووس لە سەرەتادا ناوی شاعیری نووسیوە، هەروەها لە بەیتی کۆتاییشدا لەو بەیتەی کە لە دیوانی وەفایی دا نەهاتووە، بەیتەکە هاتووە و نازناوی شاعیریشی تێدا هاتووە، شیعرەکەیش وەک ئەو شیعرەیە کە لە دیوانی حەریق دا هاتووە، تەنیا هەندێ جیاوازی وشەیی تێدا بەدی دەکرێت، دەتوانین ئەوەیش بڵێین کە هەموو نوسخەکان جیاوازی وشەییان تێدا هەیە، بۆ نموونە لە جێگەی (با) نووسراوە (زوو)، لە جێگەی (وەعیدی) نووسراوە (وەعیدە)، هەروەها لە شوێنی (ئاوری ڕووت= ئاتەشی ڕووی) و (عیشقت= عیشق)... هاتووە، ئەمانە و چەند وشەیەکی تر کە لە نوسخەکاندا بە جیاوازییەوە هاتووە و بەدی دەکرێت.

**شیعرەکە لە سێ سەرچاوەدا**

لێرەدا پێویستە دەقی شیعرەکە لە هەر سێ سەرچاوەکەدا بهێنینەوە.

١- شیعرەکە لە دیوانی وەفایی دا:

**چاوەڕێی موژدەی نەسیمم، تا لە گوڵشەن دێتەوە**
**بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم با بێتەوە**
**وا وەعیدی بەفری زستانە فیراقم کەوتە دڵ**
**مەر بە بای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە**
**میروەحەی زوڵفت لە دەوری ئاتەشی ڕووت بێ، چلۆن**
**ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟!**
**سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت**
**ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەکرێتەوە**
**خەتتی میهر و زوڵف و خاڵی حوججەتی موڵکی دڵە**
**نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی "خوڕخوڕە" ناچێتەوە**
**دڵ لە ترسی چاو بوو، ڕووی کرد لە میحرابی برۆت**
**ئێستە بیستوومە لە چینی زوڵفی جێ نابێتەوە**
**کێوی هیجرت خستە سەرشان و دڵم پێی خستووە**
**تا نەگا دەستی بە زوڵفت زەحمەتە هەڵسێتەوە**
**سەد کەڕەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحری فیراق**
**ئاخریی قوڵلابی موژگانت دەرم دێنێتەوە**
**مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد**
**گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە**
**خۆت دەزانی موددەتێکە سەر و پاماڵی جەفام**
**کەی وەکو نەقشی قەدەم سەر نێمە ژێر پێتەوە؟**
**دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەم و قوربانتم**
**تایێکی زوڵفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە**

**تور خودا تاکەی لە تاریکی شەوی هیجرانی تۆ**
**دەستەوئەژنۆم دابنشیم: ڕەببی کەی ڕۆژبێتەوە؟!**
**بێ ئیشارەی حیکەتولعەینی شیفات نایە شیفام،**
**خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە**
**فیکری من چونکە دەقیقی عاشقی قەددی ئەوە**
**موو لە موو گیراوە، چبکەم لێک جوێ نابێتەوە؟!**

**٢- شیعرەکە لە دیوانی حەریق دا:**

ئەمەیش هۆنراوەکەیە کە لە یەکەم چاپی دیوانی حەریق دا هاتووە:

**چاوەڕێی موژدەی نەسیمم، تا لە گوڵشەن دێتەوە**
**بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم با بێتەوە**
**وا وەعیدی بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ**
**مەر بە بای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە**
**میروەحەی زوڵف لە دەوری ئاتەشی ڕووت بێ، چلۆن**
**ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟**
**سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت**
**ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەگرێتەوە**
**خەتت و مووری زوڵف و خاڵت حوججەتی موڵکی دڵە**
**نەقشی ئەو مۆرە بە ئاوی "خوڕخوڕە" ناچێتەوە**
**دڵ لە ترسی چاوەکەت ڕووی کردە میحرابی برۆت**
**ئێستە بیستوومە لە چینی زوڵف جێی نابێتەوە**
**کێوی هیجرت خستە سەرشانی دڵم پێی خستووە**
**تا نەگا دەستی بە زوڵفت زەحمەتە هەستێتەوە**
**سەد کەڕەت خستتمە گێژ و مەهلەکەی بەحری فیراق**
**ئاخری موژگانی قوللابت دەرم دێنێتەوە**
**مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد**
**گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە**
**خۆت دەزانی مووددەتێکە گەردی پاماڵی جەفام**
**کەی وەک نەقشی قەدەم سەر دێنمە ژێر پێتەوە؟**
**دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەمت، قوربانتم**
**تایەکی زوڵفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە**
**تۆ خودا تاکەی لە تاریکی شەوی هیجرانی تۆ**
**دەستەوئەژنۆ دابنیشم، ڕەببی کەی ڕۆژ بێتەوە؟!**
**بێ ئیشارەی حیکەتولعەینی شیفات نایێ شیفام،**
**خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە**
**فکری من چونکە دەقیقە، عاشقی قەددی ئەوە**
**موو لە موو گیراوە، چبکەم لێک جوێ نابێتەوە؟!**
**زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵی بە ناسۆر کەوتووە**
**ئەی (حەریق) باسی مەکە تۆ خوا بلا نەکولێتەوە**

**٣- شیعرەکە لە دەستنووسەکەی کەمالی دا:**

نابێ ئەوەیش لەبیــر بکەین لەم دەســتنووســەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە و پێویستە بخرێنە ڕوو:

١- لەسەر هەر هۆنراوەیەک ناوی شاعیر نووسراوە.

٢- شیـعرەکـە هەمـان شیـعری ئاماژە پێکراو و جێ مەبەستەکەیە.

٣- لە کۆتایی غەزەلەکەوە ناوی شاعیر هاتووە.

٤- دەستنووسەکە زۆر لە دوای کۆچی دوایی شاعیرەوە نووسراوە و زۆر لە سەردەمی شاعیرەوە دوور نییە.

ئەمەیش دەقی شیعرەکەی چاوەڕێی موژدەی نەسیم... کە لە کەشکۆڵەکەی کەمالی دا هاتووە:

**چاوەڕێی موژدەی نەسیمم، تا لە گوڵشەن دێتەوە**
**بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم زوو بێتەوە**
**وا وەعیدە بەفری زستانە فیراق کەوتە دڵ**
**مەر بە بای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە**
**میروەحەی زوڵف لە دەوری ئاتەشی ڕووی بێ، چلۆن**
**ئاگری عیشق بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟!**
**سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت**
**ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەگرێتەوە**
**دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندان غەمت، قوربانتم**
**تایێکی زوڵفت بنێرە بەڵکو بۆم دەربێتەوە**
**تور خودا تاکەی لە تاریکی شەوی هیجرانی تۆ**
**دەستەوئەژنۆ دابنشیم، ڕەببی کەی ڕۆژبێتەوە؟!**
**بێ ئیشارەی (رحمت العین) شیفایت نایێ شیفام،**
**خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە**
**فکری من چونکە دەقیقە، عاشقی قەددی ئەوە**
**موو لە موو گیراوە، چیبکەم لێک جوێ نابێتەوە؟!**
**زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵی بە ناسۆر کەوتووە**
**ئەی (حەریق) باسی مەکە تور خواب با نەکولێتەوە**

ئەوەی جـێگەی وتـن بێت لەم دەسـتنووسـە و شـیـعـرەدا ئەوەیە کـە جگە لەوەی هەندێ جـیـاوازی وشـەیی بەدی دەکرێت، کۆی بەیتـەکـانی ئەم شیـعرە لە کەشکۆڵەکـەدا (٩) بەیتە و لە دیوانەکاندا (١٤) بەیتە، جگە لەوەیش جـێگۆڕکـێ بە هەندێ بەیت کـراوە، ئەم بەیتـانەیش لە نوسخەی کەمالی دا نەهاتووە:

**خەتتی میهر و زولف و خاڵی حوججەتی موڵکی دڵە**
**نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی "خوڕخوڕە" ناچێتەوە**
**دڵ لە ترسی چاوی بوو، ڕووی کردە میحرابی برۆی**

**ئێستە بیستوومە لە چینی زوڵفی جێی نابێتەوە**
**کێوی هیجرت خستە سەرشان و دڵم پێی خستووە**
**تا نەگا دەستی بە زولفت زەحمەتە هەستێتەوە**
**سەد کەرەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحری فیراق**
**ئاخری قوولابی موژگانت دەرم دێنێتەوە**
**مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد**
**گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە**
**خۆت دەزانی موددەتێکە سەیر و پاماڵی جەفام**
**کەی وەک نەقشی قەدەم سەر نێمە ژێری پێتەوە؟**

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم جگە لەوەی چەند بەیتێک لە نوسخەکەی کەمالی دا نەهاتووە، بەڵام ناوی شاعیر و ئەو بەیتەی پاڵپشتی قسەکانمان دەکات و کاری نوسخەکە لەوەی کە شیعرەکە هی حەریقە، خاڵێکی گرنگە بۆ ئێمە کە شیعرەکە بەلایەکدا ساغ بکرێتەوە. لە کۆتاییدا دەمەوێ کۆڵینەوەکە لە ئەنجامێکدا بخەمە ڕوو.

## ئەنجام

هەر یەک لە چاپەکانی دیوانی وەفایی بێ هیچ بەڵگەیەک، هۆنراوەکەیان داوەتە پاڵ وەفایی و هیچ دەستنووسێکی بەردەستیشیان شیعرەکەی دابێتە پاڵ وەفایی بەڵگەیان نەخستۆتە ڕوو. لە (دیوانی حەریق)یشدا جگە لەوەی باسی سەرچاوەکانی دیوانی حەریق نەکراوە و لەچی سەرچاوەیەک وەری گرتووە، بەڵام لە هۆنراوەکەدا لە ڕووی بەیتەوە بە بەراورد لەگەڵ دیوانی وەفایی دا، ئەوەی وەفایی (١٤) بەیتە و ئەوەی حەریق (١٥) بەیتە، بەیتی کۆتایی ناوی شاعیری تێدایە.
کەشکۆڵی کەمالی (٩) بەیتە و بەیتی کۆتایی لەگەڵ دیوانی حەریق دا یەک دەگرێتەوە و پاڵپشتی ئەوەمان دەکات بڵێین ئەم شیعرە هی (حەریق)ە، هەر چەندە چەند بەیتێکیشی لە ناوەڕاستەوە نەهاتووە.



لە کۆی ئەو بەراوردانەی خستمانە ڕوو، پێمان وایە هەم لە ڕووی شێوازی نووسین و وشەییەوە هۆنراوەکە لە نووسین و نووسراوی (حەریق)ەوە نزیکترە تا وەفایی، جگە لەوەیش بەیتی کۆتایی پاڵپشتی تەواومان دەکات بۆ ئەوەی بڵێین ئەم شیعرە هی وەفایی نییە و هی (حەریق)ە.

کەواتە بە دوو خاڵ دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە هی (حەریق)ە نەک وەفایی، لە ڕووی شێواز و ناوی شاعیرەوە کە دوو خاڵی گرنگن بۆ ناسینەوەی هۆنراوەی هەر شاعیرێک کە جێگەی گومان بێت، هیوادارم لە داهاتوودا دەستنووسی شاعیر خۆیمان بکەوێتە بەردەست و پاڵپشتی زیاتر و وردترمان بۆ دەربخات و بخاتە ڕوو.


**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- دیوانی وەفایی: کۆکردنەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رستەمخانی، بلاوکەرەوە (ناشر) انتشاراتی کوردستانە لە سنە- ١٣٨١هەتاوی.**

**٢- دیوانی وەفایی: سەید عوبەیدوڵلای ئەیوبییانی مەرکەزی "بڕەک" کاری لە سەر کردووە و لە ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی، د. عوسمان دەشتی، لە بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٢، لاپەڕە (٢٩٤-٢٩٥).**

**٣- دیوانی وەفایی: کۆکردنەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و لە سەر نووسینی- محەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی کوردستان (انتشارات کردستان)، ١٣٩٠، لاپەڕە (٢٧٦-٢٧٨).**

**٤- دیوانی حەریق: سەید نەجمەدینی ئەنیسی، چاپی نیکنام، بەهاری ١٣٦٨ی هەتاوی- مەهاباد، لاپەڕە (١٦٢-١٦٣).**

**٥- دیوانی حەریق: لێکۆڵینەوەی، نەوزاد کەڵهوڕ، لە بلاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر- هەولێر، لاپەڕە (١٢٠-١٢٣).**

**٦- کەشکۆڵی عەلی کەمالی باپیر ئاغای شاعیر، بریتییە لە چەند کەشکۆڵێک بە هەمان پەڕە و شێوەی نووسین کە بۆ ئەحمەد موختار بەگی جاف نووسراوە.**